کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-5-2007 11:17بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## میر تەحسین ئەری جلی کوردی شەرمە؟؟؟ یوسف نانەکەلی

دوای ئەم کارەساتە نامرۆڤایەتییەی لە باشیك روویدا کە دۆعای پاکیان بە دڕندەترین شێوە شەهید کرد. کەم کەس هەیە بە وێنە تراژیدیایەکەی دوا ساتی ژیانیدۆعا نەگریابی. کەم کەس هەیە نەفرەتی لە نەوەکانی ئیبلیس نەکردبی. کەچی ئێستا دڕندە گەورەکانی نەوەی ئیبلیس دەیانەوی مەسەلەکە بگۆڕن بۆ مەسەلەیەکی سیاسی. ئاخر شەهیدکردنی دوعا چ پەیوەندی بە مادەی سەدوچلەوە هەیە؟!من ئەوەی گەرەکمە ئاماژە بە چەند دێرێك لە دیمانە ڕۆژنامەوانییەکەی میر تەحسین بکەم. سەیرکەن لەم ڕۆژانەی ڕابردوو هەر سەبارەت بەو کارەساتە وەحشیگەریە لە کۆمەڵێك ڕۆژنامە دیمانە لەگەڵ میر تەحسین کراوەو بە نوسینی چەند دێرێك لە قسەکانی سەرنجی ڕاکێشام بۆ نموونە لەشوێنێك دەڵی (لەدینی ئێمەدا کەس لەسەر زینا ناکوژری) لەشوێنێکی تر دەڵی (دوعا لەسەر زینا نەکوژراوە وە نەبۆتە ئیسلامیش) باشە پرسیاری هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان ئەوەیە ئەگەر لەسەر زینا نەبی و دینی ئێوەش ڕێگا بەکوشتن نەدا ئەدی بۆچی ئەم کچۆڵە چاو گەشەتان بەو دەردەبرد؟؟ هەر لەوەڵامی پرسیارێکی تردا میر تەحسین دەڵی (شەرم دەکەم جلی کوردی لەبەر بکەم) باشە من دەپرسم:شەهیدکردنی دوعا یان شەرمەکەی تۆ پەیوەندی بە مادەی سەدوچلەوە هەیە؟ باشە ئێوە دەڵێن کوردی ڕەسەنین ئەدی بۆچی شەرمتان بە جلی کوردی خۆتانە؟. هەر لە وەڵامی پرسیارێکی تر دەڵی (ئەوانە کۆنە بەعسییەکانن) من دەپرسم دیارە لەکاتی خۆیدا زۆرێك لە ئێزیدیەکان بەعسی بوونە بۆیە ناتوانی بەعسییەکان دەستنیشان بکەیت؟دڵنیابە شەرمەکەی جەنابیشتان هەر پەیوەندی بەو مەسەلەوە هەیە. بۆیە ئێمە دوای تێپەڕبوونی ئەوەندە ڕۆژە چاوەڕوانی یاسا دەکەین و گوی لە ئێوە ناگرین.. لەکۆتاییشدا بە دوعا دەڵێم

بەبینینی وێنەکانت
دەچمەوە سەدەی ئەشکەوت و
چاخەکانی پرچەهاڵەت
دەچمە خزمەت ئەبوجەهل و
نەفرەت دەکەم لە عەداڵەت

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.